
# نەبوونی کارەبا.. گرفتی بێئاوی، یان گرفتی دزی وگەندەڵی!



خەسرەوسایە

k.saya@ukonline.co.uk

هیچ کەس نیە لە کوردستان بەدەست نەبوونی کارەباوە داد وبیدادی نەبی، هەمووان لەبەردەم ئەم کیشەیەدا تورەو بیزارن وزەجری نەبوونی کارەبا دەکیشن. لەمنالانیکەوە کەبەدیار فلیمی کارتۆنیەوە دادەنیشن، تا لاوان و تەماشاچیانی یارییەکانی تۆپێ پێی جیهانی، تا کارمەند و پیشەوەر وسەرمایەدارانیک کەکاروکاسپیان بەدەست نەبوونی کارەباوە پەکی کەوتووە، تانانەت تا پرتەو بۆلەی بەسالاچوان و پەکەوتەی نیوجیگای مال.. کارەبا بۆیان بۆتە گرێی بەدی هاتنی خەون وخەیالیان. بەلام لەمەش زیاتر نەبوونی کارەبا ئەو بەلایەیە کە بەدوای خۆیدا شارەکانی کوردستانی لەسەرمای زستاندا دەکات بەکویرە گوندیکی دوردەست و لەهاوینیشدا مەنجەنیقیك بۆخەلکەکەی هەلدەخات.. کەوایە گرفتی ئەم کیشەیە چیە؟ ئایا دەرامەت و سەرچاوەکانی سامان لەکوردستان هیندە هەیە کەبتوانی خەلکی لەم گرفتەو ئاکامەکانی دەربینی؟ ئەگەر ئا.. هۆی چیە خەلکی لەبیکارەبایدا ژیانی تال بەسەر دەبەن؟ دەسەلاتدارانی کوردستان چون مامەلە لەگەل ئەم کیشەیەدا دەکەن و دەبی وەلامی خەلکی چیبیت بەنەبوونی کارەبا؟

لەکۆمەلگای شاریی و ئامادەبوونی بازرا و سەرمایەدا، کارەبا وەك هەر شومەکیکی تر مەحکومە بەیاسا و کارکردەکانی سیستەمی کالایی و بازار ولەلایەن دەولەت وسەرمایەداران وکۆمپانیاکانیانەوە کونترۆل دەکری. لەسیستەمیکی ئاواشدا کارەبا لەلایەك بۆزۆرینەی خەلکی دەبیتە یەکیك لەو کالایەنانەی کەئاستی پیویستی ژیانی کۆمەلایەتی دیاری دەکا و لەپال کۆمەلە کالاکانی وەك خۆراك، پۆشاك، مەسکەن، داودەرمان، خویندن و هاتوچو .. جیگا دەگری، ولەلایەکیتریشەوە دەولەت و سەرمایەداران وەك هەر کالایەکیتر لەپیناو هینانی قازانج و کەلەکەی سەرمایەدا مامەلەی لەگەلدا دەکەن.  بەلام ئەوەی کەسەرەنجام لەهەر کۆمەلگایەکی سەرمایەداریدا، بەچرادەیەك کارەبا دەخریتە ئیختیاری خەلکەوە وخەلکی دەتوانن دەستان پیڕابگات،  بەفاکتۆرەکانی مونافەسەی بازار و چونەسەری نرخەکان لەلایەك و راوەستانی خەلکەوە لەخەباتیکی نەپساوەدا، لەپیناو بردنەسەرەوەی ئاستی ژیان و گوزەرانی خۆیاندا، گرێی خواردووە.

بەلام ئاخر لەکوردستان نەدەولەتیك هەیە و نەئامیر و تەکنۆلۆژیای پیشکەوتوو! کەوایە چون دەکری بەهەمان پیوانەی بازار و سەرمایەوە لەگرفتی نەبوونی کارەبا لەکوردستا بروانین؟

یەکیتی و پارتی کە 15 سالە خەلکی کوردستانیان لەتاریکستاندا بەدیار نەبوونی کارەباوە راگرتووە، هەمیشە پاساوی ئەم نەبوونیەیان بۆ کەمی سەرچاوەی ئاوو نەبارینی ریژەی پیویستی باران گەراندۆتەوە وبەم جۆرەش خەلکیان مەحروم کردووە لەیەکیك لە کالا پیویستیەکانی ژیانی رۆژانەو هاوچەرخیان. ئەوەتا ئاخرین قسەکانی

بەرپرسیارانی حکومەتی تازەیەکگرتووی کوردستان و بەریوەبەرایەتی‌یەکانی کارەبای شارەکانی سلیمانی و هەولیر، لەبەرامبەر نەبوونی کارەبا لەم سالدا بۆ کەمی ریژەی ئاوی باران دەگیرنەوە و سەر وبنی زمانیان بۆتەئەوەی کە بەنداوەکانی دووکان و دەربەندیخان بەئاوای باران پرنەبوونەتەوە و نەگەیشتوە بەئاستی پیویست!! . بەلام ئەمە درۆیەکی شاخدارە.. ئەوان کەبەم قسانەیان دەیانەویت خەلکی بەنەبوونی کارەبا قانع بکەن، لەولاشەوە مالە فیرعەونی‌یەکانی خۆیان و دەزگای ئاسایش و پیشمەرگەو مەسئولانی دز و گەندەلیان، 24 سەعاتە بیکارەبا نابن و لەرۆژەکانی مانگی تەموزدا، گەرمای سوتینەر نەك هەر ناتوانی خوی لەقەرەی مال و حالیانبدات، بەلکو کارەبای زۆر و زەبەندی لەبەردەست بوویان، ریزیك لەپانکە وسپلیت موبەریدە و ئیرکۆنشین، دەچەرخێنیٚ، کەسات لەدوای سات نەسیم و شەمالی فینك لەجۆلەدایە بۆیان !! لەمەش زیاتر ئەوەی سەرانی یەکیتی وپارتی سەبارەت بەنەبوونی کارەبا دەیلین درۆیەکی شاخدارە، چونکە هەمووان بەبەرچاویانەوەیە مولیدەی گەرەکەکان کەلەلایەن سەرمایەدارنیکی بچوکەوە بەدەستەوە گیراوە، بۆتە بازاریکی گەورەی بەرهەمیهنانی کارەباو هەموو کۆلان و کوچەی گەرەك و بازارەکانی شاری پرکردووە و هەرکەس پارەی ببیت دەتوانی کارەبا بکریٚ!.. بەلام مەسەلەکە بەوەندە تەواو نابیت. ئاشکرایە کەکوردستان ولاتی وەك "نیکاراگوا" وئەمریکای لاتینی نی‌یە کەلەریگای سودوەرگرتنەوە لەتاڤگەی بەرز ودروستکردنی بەنداوی گەورەی ئاوەوە، سەرچاوەی بەرهەمیهنانی ووزەی کارەبا بەدەست بهینی.

ولاتیکی کەم ئاوی وەك کوردستان بەدەست دەسەلاتیکی گەندەلی وەك دەسەلاتەکانی یەکیتی وپارتی‌یەوە تارادەیەك توانیویەتی ئەو ئەقلیەتە بەریتە نیو میشکی خەلکەوە کەسەرچاوەی کارەبا هەبوونی ئاوە وەك سامانیکی سروشتی. بەلام هەقیەقەتی دنیای ئەمرۆ پیچەوانەیە لەگەل ئەم دروو دەلەسانەو زۆربەی ولاتانیش بەهۆی روتیکردنی سەرمایەو بەکارهینانی تەکنۆلۆژیای نوێوە، بەسەر بوون و نەبوونی ئاودا بازیان داوە وهەموو ئەو کالایانەی کەبۆ خزمەتگوزاری کۆمەلایەتین، لەوانەش کارەبا، لەچوارچیوەی بازار و بەرهەمهینانی سەرمایەداریدا بەرهەم دەهینن. تەنانەت لە هەندی ولاتی دنیا کیشەی نەبوونی ئاو بۆ کارەبا پیچەوانەبۆتەوە ودەولەت و کۆمپانیاکان توانیویانە بەهۆی بەرهەمهینانی زۆر وزەبەندی کارەباوە کیشەی کەمی ئاو بەرادەیەك چارەسەر بکەن. لەیەك وتەدا دەمەوی بلیم کە گرفتی نەبوونی کارەبا راستەوخۆ ناگەریتەوە بۆ سەرچاوەی ئاوو وکەمی ریژەی باران بارینی سالانە، بەلکو ئەوە تەعامولی دەسەلاتداران وبەگەرخستنی سەرمایەی کۆبووەوەیە لەبوواری بەرهەمهینانی کارەبا و خزمەت گوزاری‌یە کۆمەلایەتی‌یەکان ودانانی‌یەتی لەبەردەم زۆرینەی خەلکدا، بۆتە هۆکاری ئەم کیشەیە. لەمبارەوە نمونەی یەکجار زۆری وولاتان لەبەردەستدایە. ئەوەتا ولاتیکی وەك سویسرا کەبەئاو وتاڤگە وریژەی باران بارینی بەرزەوە ناودارە بەلام هەموو ئەم سەرچاوانە پشتیان تیکراوە و لەئەلمانیایەوە سەرچاوەی وزەی کارەبا دابیندەکات. ئەلمانیاش کەبەهەمان شیوە خاوەنی سەرچاوەی ئاوی زۆرەو ریژەی بارنیش تییدا بەرزە، بەلام تەنها لە٪ 12ی سەرچاوەی ووزەی کارەبایی لەئاووە بەدەست دینی. بەریتانیا کە ولاتیکی دەورەدراوە بەئاو هەوەها هۆلنداش بەهەمان شیوە خۆی و بە"ولاتیکی ژیر ئاوکەوتوو" ناودەبری وخاوەنی ناودارترین بەنداو و گۆمای گەورەیە، بەلام کەمترین ریژە لەووزەی کارەبای ولات لەئاوەوە دابیندەکەن. لەمانیش لەخواروتر، لەولاتیکی وەك کوەیت و ئیسرائیل کەسنوریان بەدەریاوەیە، بەلام ریژەی زۆری سەرچاوەی وزەی کارەبایان نەئاوە و نەدەریا و پیش ناچیت لەماوەی 50سالی رابردوودا کیشەی کارەبایان تەنها بەقەد کیشەی یەك سالی کارەبای ژیر سایەی 15 سالی حاکمیەتی یەکیتی وپارتی‌دا بووبیت.. هۆی ئەمەچی‌یە؟

گەرانەوەی دەولەتان بۆ تەکنۆلۆژیای نویٚ لەبەرهەمینانی ووزەی کارەبادا، بەتەواوی ئەفسانەی نەبوونی سەرچاوەی ئاوی تیکشکاندووە، ئیستا سیستەمەکانی "پەروانەی هەوایی" وگری دراو بەتوربیناتی زنجیرەیی‌یەوە، هەورەها ناوچەیی کردنی بەرهەمینانی کارەبا لەریگای"مولیدات"ی گەورەو ڤۆلتاجی بەرزەوە، تا دانانی "تۆری ئاوینەیی" وسود وەرگرتن لەتەکنۆلۆژیای ناوەکی.. هەمووئەمانە کەپشت دەبەستن بەبەکارهینانی نەوت و بەنیزن وکاز

وخەلوزی بەردین وجۆلەی هەواو گەرمی خورەتاوەوە، کارگەو بازاریکی گەورەیان بۆ بەرهەمینانی کارەبا بەهۆی رووتیکردنی سەرمایەوە پیکهیناوە. بەرادەیەك ولاتان نەك هەر ریژەی کارەبای پیویستان خستۆتەبەردەست دانیشتوانەکانیان بەلکو توانیوایە لەکۆگای گەورەدا کۆی بکەنەوە ووەك کالایەك بۆفرۆشتن بینیرنە دەرەوە..
بەلام ئەحزابی ناسیونالیزمی کورد و دەسەلاتەکانیان وەك دەولەتانی سەرمایەداری ئامادەنین دانیشتوانی ژیر دەستیان وەك"کۆیلەی شاریی" بژیەینن. ئەمانە کەبەزۆری چەك و بەوەهمی کوردایەتی‌یەوە سواری سەری خەلك بوون و هەموو سەرچاوەکانی سەروت وسامانی کۆمەلایەتی‌یان قۆرغکردەوە بۆخۆیان و پەیتاپەیتا خەرکی گیرفان پرکردن و کەلەکەی سەرمایەن، بەپەرۆشی ئەوەوە نین کە چون وەلامی ژیانی هاوچەرخی خەلك بدەنەوە، بگرە تابۆیان کرابیت ژیانیکی فیرعەونیان بۆخۆیان، لەسەر حسابی نەبوونی و لەخوارەوە راگرتنی ئاستی بژیوی بۆ زۆرینەی خەلکی پیکهیناوە.
ئەمرۆ کە کوردستان بەرادەیەکی باش لەچاو شارەکانی عیراقدا ئارامەو دەرگای فەزایەکی لەباری بۆوەگەرکەوتنی سەرمایەو سەرمایەدارانی ناوخۆ رووتیکردنی سەرمایەی دەرەکی لەبەردەمدا ئاوەلابووەو رۆژانە لەدەیان ولاتەوە دەیان کۆمپانیای بازرگانی و سەرمایەدارانی بیانی رووی تیدەکەن و خەریکی وەگەرخستنی سەرمایەو پرۆژەکانیان. لەلایەکی‌ترەوە بەهۆی بەشی کوردستان لە چوونەسەری نرخی نەوت وداهاتیکەوە کەلەنەوتی عیراقەوە بۆ کوردستان سەروژیر دەبیتەوە، ئەمەش لەپال بۆدجەی سالانەی دانراو بۆشارەکانی کوردستان.. ئەتوانی سەرمایەیەکی کافی بخاتەبەردەست لەراستای چارەسەری کیشەی کارەباو بەشیکی زۆری تری ئەو کالا وخزمەت گوزاریانەی کە بەژیانی زۆرینەی خەلکەوە پەیوەستن. هینانی تەکنولۆژیا و پەیوەستکردنی کوردستان بەسیستەمە نوی‌یەکانی بەرهەمهنانی ووزەی کارەباوە دەتوانی ژیانی خەلکی کوردستان، بەسەر کەمی ئاوو کویربوونەوەی سەرچاوە ئاویی‌یەکاندا بازبدا و بیکارەبایش چارەسەرکات..بەتایبەتی بۆ کوردستانیك کە رووبەرەکەی یەکجار ئامادەیە بۆ ئەم هەنگاوە.
بەلام ئەوەی کەنابی لەسەلاتدارانی کورستان چاوەری بکری ئەوەیە کە ئەوان نایانەویت وەلام بەژیان و پیویستی‌یەکانی رۆژانەی خەلك بدەنەوە. ئەمرۆ نەك هەرکیشەی کارەبا بەلکو تەواوی خزمەت گوزاری یەکان و پیویستی یەکانی ژیانی رۆژانەی خەلکی وەك کیشەی خانوو، نەخوشخانەو خویندن، هاتوچوو وزەمانەتی کۆمەلایەتی، کار و مەوادی خواراکی.. کەوتونەتە قورگی شیرەوە و لەلایەن بەرپرسیارانی یەکیتی وپارتی‌یەوە، دەستی بەسەرداگیراوە و کەوتونەتە بەردەم تالانی وبری‌یەوە. ئەوان 15 سالە کیشەی کارەبای خەلکیان بەدیار مەرحەمەتی خوا و ئەوفسانەی باران بارینەوە داناوە، بەبێ ئەوەی بەکردەوە هەنگاویکیان بۆ چارەسەرکردنی کیشەی کارەبا هەلهینابیت. تەنانەت ئەمانە کەباسی بازاری ئازاد دەکەن و دەرگایان بۆسەرمایەداران ودەلالانیکی فرۆشی کارەبای گەرەکەکان خستۆتە سەرپشت و خەلکیان بەسیستەمیکی بیسەرەوبەرەو دواکەوتووی "مولیدەی گەرەکەکانەوە" بەستۆتەوە، وەلامی ئەوەش نادەنەوە کەگاز نەوت وسوتەمەنی پیویست بخەنەبەردەم ئەم کەنالەی بەرهەمیهنانی ووەزەی کارەبا، تا لانی کەم لەم کەنالەوە خەلکی دەستی بەکارەبای چەند سەعاتیکدا بەریك و پیکی بگات.
بەلام رۆشنە کەهونەری یەکیتی وپارتی و حکومەتەکانیان شتیکی زیاتر نی‌یە لەشان خالی‌کردنەوەیان لەدابینکردنی کارەبای شار وشارۆچکەکان بۆخەلکی ئەگینا هەم سەرمایەو هەم تەکنۆلۆژیاو هەم سیستەمەکان لەبەردەستدان. تەنانەت ئەگەر ئەوان بیان ویستایە و وەفادار بوونایە بۆ "ئابووری بارزار" وەك خۆیان دەیلیین، دەکرا لەریگای ناوچەیی کردنی سیستەمی کارەبایی و هینانی موەلیدەوە بەرادەیەکی باش کیشەی کارەبا لەکوردستان چارەسەر بیت. لەمەش کەمتر ئەمانە ئەگەر درۆ لەگەل خەلك ناکەن هەرخویان دەیان توانی "موەلیدەی گەرەکەکان" کەبەرادەیەك فرۆشی کارەبای گەرەکیان کەوتۆتەدەست، بکەنە ئەرکی دەسەلاتەکەیان و پەرەی پیبدەن بۆ ئاستیك کە بتوانی وەلامی باشتری پیویستی ووزەی کارەبا بداتەوە. بەلام مادام ئەم کارەش پیویستی بە سەرمایە هەیەو ئەوان

ئامادەنینن مەسرەفی بۆلەئەستۆ بگرن، سەرەنجام ئەم بووارەش نەیتوانیوە نەخشیکی ئەوتو لەچارەسەری کیشەی کارەبای گەرەکەکاندا بگیری. کەوایە خەلکی کوردستان نابی چاوەروانییان لەدەسەلاتی گەندەل و گیرفان پرکەری وەك یەکیتی وپارتی ببن تا مالەکانیان بەرۆشنایی کارەبا رووناك بیتەوە. ئەمانە لەهەموو روویەکەوە تەجروبەی ئەوەیان داوە کەنایانەویت دابینکردنی پیویستیەیە گشتیەکانی ژیان وخزمەت گوزاری خەلکی لەئەستۆ بگرن..

بۆیە دەبی خەلکی شارەکانی کوردستان لەبەرامبەر نەبوونی کارەبا و هەرکیشەیەکیتردا خۆیان بینە مەیدانەوە. خەبات و نارەزایەتی بەکۆمەل و ریکخراوی خەلك دەتوانی نەك کیشەی کارەبا بەلکو تەکلیفی سەرجەم پیداویستیەکانی ژیانی شاریی لەگەل دەسەلاتداراندا ببرینیتەوە. لەمبارەوە دەستەکانی داکۆکی لەمافەکانی خەلکی کوردستان و خەباتیك کەلەچەند مانگی رابردوودا خوی هیناوەتە نیو شەقامەکانەوە دەتوانی خواستی چارەسەری کارەباش بەدەسەتەوە بگری.

بەلام وەك ووتم خەلکی خۆیان دەتوانن راستەوخۆ کیشەی کارەبا چارەسەر کەن، لەمبارەوە کۆبوونەوە لەدەورەی یەکتر ویکگرتوکردنی ریزەکانی خەلك لەئاست شار و گەرەك و شارۆچکەکان وهەولدان بۆپیکهینانی ریکخراوەی جەماوەری وبەدەستەوە گرتنی بەرنامەو پرۆژەی کار بۆ دابینکردنی کارەبا وپاشا یەخەگرتنی کاربەدەستان ولیسەندنی بوجەی دابینکردنی کارەبا.. ئەتوانی هەنگاو یەکەمی ئەم خەباتە خەلکیە بیت. لەمبارەوە پرۆژەی هەرەوەزی بەرهەمهینانی کارەبا و کردنەوەی صندوقی جەماوەری لەئاست هەرناوچە و گەرەکیکدا دەتوانی نمونەی ئەو ریکخراوە جەماوەریە بیت کە راستەوخۆ خەلك و دەسەلاتداران لەبەرامبەر چارەسەری کیشەی کارەبادا رووبەرووبکاتەوە.

خەلکی کوردستان دەبی بۆ دابینکردنی کارەبا و ئاویان چاو لە گیرفان و داهاتی بەرپرسیاران ببرن و ئەوان بەبەرپرسیاری یەکەم وئاخری نەبوونی کارەبا بزانن وهاوکات ریگەنەدەن دزی و گەندەلی دەسەلاتداران چی تر ئەوان لەمالی تاریکدا بەدیار نەبوونی ئاوو کەمی بارانەوە رابگرن.. دابینکردنی کارەبا بۆهەمووان بەپارەو سەرمایەی سەرمایەداران ودەسەلاتدارانی ئیستای کوردستان هەنگاویکی عەمەلیە بەمەرجیك خەلکی ریکخراوو یەکگرتووی شارەکانی بۆبیتەمەیدانەوە..

2006/6/13